# پلان و پۆلێن

نەوزاد عەلی ئەحمەد

حسێن عارف ناوێکی دیار و ناسراوی مێژووی ئەدەبی کوردییە، ئەو چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و ڕۆماننووسە، لەو بوارانەدا بەرهەم و چالاکییەکانی ڕوویەکی گەشیان بە مێژووی ئەدەب و دنیای ڕۆژنامەنووسیمان داوە.

ئەوەی جێگەی داخە، لە دوێنێ و ئەمڕۆدا دۆخی کوردستان وەک چۆن ئەدیب و نووسەرانی پەرت کردووە، بەهەمان شێوە دەرفەتیان نەبووە، فریا بکەون، ئەوەی نووسیویانە، ئەگەر بڵاویشیان نەکردبێتەوە، لەنێو کتێبخانە و ئەرشیڤەکانیان بیانپارێزن، چونکە نووسەر و ئەدیبی خاوەن مەسەلە و جددی، بەرپرسانە کار لە بەرهەمەکانیان دەکەن و دەبن بە سامانێک بۆ نەتەوەکەمان، کەواتە دەبن بە بەشێک لە مێژووی نەتەوە.

بەهەر حیسابێک بێت، وەک هاوڕێیان وێنایان کردووە، من لەبواری بە ئەرشیڤکردن و پاراستنی کەلەپووری نەتەوەکەمان کەسێکی ورد و شارەزام، بەڵام چەند ساڵێکە هەست دەکەم، بەیەک باڵی دەرەقەتی ئەو بوارە نایەم و ڕەنگە هاوڕێیانیشم لەو بوارەدا هەمان کێشەیان هەبێت. زۆرجارانیش ئەم پرسیارە کراوە و دەکرێت، کەواتە چی بکەین بۆ پاراستنی سامانی نووسین و بەرهەمەکان، وەڵامەکان دڵخۆشکەر نین.

لە ڕۆژانی ڕابوردوودا، بەدوای بابەتێکی خۆمدا دەگەڕام، کۆمەڵێک فایل و زەرفم بەو ناوە وەرکرد. ئەم بابەتەی حسێن عارف کەوتە

بەرچاوم و سەرنجی خستمە سەر لاپەڕەکانی و بابەتەکەی خۆم لەبیرچوو. ئەوەندەی هێنام و بردم، یادەوەریم کورتی دەهێنا و نەمدەزانی ئەم بابەتە بۆ کەوتووەتە لای من! پڕۆژەکە بریتییە لە؛ پلان و پۆلێنی ئەدەب و هونەری کوردی.

پرسیارم لە زۆر کەس کرد، ئایا شتێکی لەو بابەتەیان بە بڵاوکراوەیی بەرچاو کەوتووە؟ وەڵامم دەست نەکەوت. یەکێک لەو بەڕێزانە؛ ئازاد عەبدولواحید بوو، ئەویش وەڵامی لەلانەبوو، پێی باش بوو جارێ با لە گۆڤاری (ڕامان) بڵاوبێتەوە، هەروەها بابەتەکەم بۆ کەسێکی شارەزا و بە سەلیقەی وەک؛ سابیر ڕەشید-یش نارد، سەیری هەر شەش بەرگە بەرهەمەکانی کاک حسێن عارف-ی کرد، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر دەزگای ئاراس چاپی کردوون، بابەتەکە لەوێش نەبوو. دواجار بڕیارم دا بڵاوی بکەمەوە و دیاری بێت بۆ حسێن عارف و توێژەرە ڕاستەقینەکانی مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی.

بابەتەکە بەم ناوونیشانەیە؛ «نەخشەی پڕۆژەیەک بەناوی (زنجیرەی هەڵبژاردە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی هاوچاخی کوردی). پێنج لاپەڕەیە و لەسەر کاغەزی قەبارە فولسکاب ڕاکێشراوە. ئەم بابەتە پڕۆژەیەکە پێشکەش بە «کۆڕ» کراوە، زۆر لێی وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت مەبەستی لە «کۆڕی زانیاری کورد»ـە و بۆ گرنگیدانە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەر و ئەدیبانی کورد، هەروەها بواری هونەریشی فەرامۆش نەکردووە، کەی پڕۆژەکە نووسراوە؟ بۆ ئەمەش پێویستی بە لێوردبوونەوە هەبوو، ئەوەندەی لێکم دایەوە دەبێت لەنێوان ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٨) نووسرابێت، وەک دەبینین دوای ١٩٧٥ کۆڕی زانیاری کورد دەستی بە چاپکردنی کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبی، دەق و لێکۆڵینەوە کردووە.

بۆ زانیاری زیاتر؛ پڕۆژەکەی حسێن عارف بە تایپێکی سادەی دەستی نووسراوە، وەک دیارە تایپەکە دەنگەکانی (پ. گ. ێ. ژ. ڤ) و سەروبۆری تێدا نەبووە، لەکاتی نووسینەوەدا ئەز چارەسەری ئەمانەم کردووە، ئەگەرنا پڕۆژەکەم دەقاودەق نووسیوەتەوە. هیوادارم خزمەتێکی زۆر بچووکم بە نووسەری ناودار حسێن عارف کردبێت و پێی دڵخۆش بێت.

**ئەمەش دەقی پڕۆژەکەیە:**

**نەخشەی پڕۆژەیەک بەناوی**

**(زنجیرەی هەڵبژاردە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی هاوچاخی کوردی)**

**حسێن عارف**

**تێبینی:**

گومان لەوەدا نییە، کە کاروانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کوردیمان لە چارەکە سەدەی ڕابوردوودا، لە چاو سەردەمەکانی لەوەبەریدا، گەلێ هەنگاوی گەورەی بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندن ناوە و بەخێرایی گەشەی کردووە، ئەمەیش ئەوی ڕاستی بێ لە دوو پلەدا خۆی دەنوێنێ، کە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کپی و خامۆشی دەکەوێتە بەینیانەوە. یەکەمیان پلەی ساڵانی پەنجاکان، واتە ساڵانی (١٩٥٢ - بۆ ١٩٦٠). دووەمیان ساڵانی حەفتاکان، کە ڕاستییەکەی سەرەتای لە (١٩٦٨)ـەوە دەس پێ دەکا.

جا دەتوانرێ بوترێ، کە لەم دوو پلەیەدا دوو نەوە لە کۆڕی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کوردیماندا سەریان هەڵداوە و پێگەیشتوون کە هەریەکەیان پەروەردەی بارودۆخی پلەی خۆیەتی و لە بەرهەمهێنانیشدا ئاوێنەی ئەو پلەیە بووە، لەبەرئەوە ئێمەش ئامانجمان لەم پڕۆژەیە کە بۆ

کۆڕی دەستنیشان دەکەین، ئەوە دەبێ، کە کۆڕ وەک دەزگایەکی بەکار و کارامە لە کۆڕی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەو دەسپێشکەرییە بکا کە بەپێی نەخشەیەکی ئامادەکراو، زنجیرە کتێبێک لە شێوەی هەڵبژاردە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا لەسەر گشت لایەنەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کوردیمان، لەو دوو پلەیەدا لە چاپ بدا و بڵاویان بکاتەوە، واتە کۆڕ خۆی کۆشش و هەڵپە بۆ ئەم مەسەلەیە بکات و بەوەی کەسانی شارەزا و لێهاتووی بۆ هان بدا و بۆ بەجێ هێنانی بیانخاتە کار، نەک تەنیا چاوەڕوانی ئەوە بێ ئەدیبان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان خۆ بە خۆ، خۆیان ئەم هەوڵە بدەن و ئەوسا کۆڕ دەستیان بگرێ و یاریدەیان بدا.

دیارە ئەنجوومەنی کۆڕ، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە و پەیداکردنی کەسانی شارەزا و لێهاتوو، دەتوانێ پشت بە لیژنەی ئەدەب، بە تایبەتی و لیژنەکانی تری کۆڕ بە گشتی ببەستێ.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم، ئەگەرچی بەجێ هێنانی ناوەڕۆکی نەخشەکە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام باوەڕم وایە، کە بەدیهێنانی لە توانستدا هەیە:

**نەخشەی پرۆژەکە**

**یەکەم: لە شیعردا**


بریتی دەبێ لە کتێبێک بەناوی (هەڵبژاردە لە شیعری هاوچاخی کوردی)، کە لە دوو بەش پێکدێ.

**بەشی یەکەم:** هەڵبژاردە لە شیعری هاوچاخی کوردی بەشێوەی کرمانجی خواروو:

بریتی دەبێ لە سێ نموونەی هەڵبژاردە لە شیعری بڵاوکراوەی دیارترین پازدە شاعیرمان، لەوانەی لەو چارەکە سەدەیەدا سەریان هەڵدا و پێگەیشتن، ئەوجا ئەم نموونانە دەکرێنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەک کە بۆشی هەیە پەل بۆ بەرهەمەکانی تری ئەو شاعیرانە بهاوێ. دیارە چ شێوەی شیعریان، هەڵبژاردنی نموونەکان و چ جۆری لێکۆڵینەوەکە، دەبێ وەهابێ کە لە باریدا هەبێ هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێی کاروانی شیعرمان لەو چارەکە سەدەیەدا هەڵگرێ و بە هەموو بارێکدا هەڵسەنگێنێ و هەقی خۆی بداتێ.

ئەو پازدە شاعیرەش (بەڕای من) ئەمانە دەبن:

١- محەمەد ساڵح دیلان
٢- کامەران موکری
٣- ع. ح. ب
٤- هێمن
٥- کاکەی فەلاح
٦- محەمەد عەلی مەدهۆش
٧- ع. ع. شەونم


نەخشەی پرۆژەیەک بە ناوی
(زنجیرەی هەڵبژاردە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و هونەر و
ڕۆشنبیری هاوچاخی کوردی)یەوە

تێبینی :
گومان لەوەدا نییە کە کاروانی ئەدەب و
هونەر و ڕۆشنبیری کوردیمان لە چارەکە سەدەی ڕابوردوودا،
لە چاو سەردەمەکانی لەوەبەریدا، گەلێ هەنگاوی گەورەی
بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندن ناوە و بە خێرایی
گەشەی کردوە . ئەمەیش ئەوی ڕاستی لە دوو پلەدا
خۆی دەنوێنێ کە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کپی و خامۆشی دەکەوێتە
بەینیانەوە . یەکەمیان پلەی ساڵانی پەنجاکان . واتە ساڵانی
(١٩٥٢ بۆ ١٩٦٠) . دووەمیان ساڵانی حەفتاکان کە لە
ڕاستیدا سەرەتای لە (١٩٦٨)ەوە دەس پێدەکا .
جا دەتوانرێ بوترێ کە لەم دوو پلەیەدا دوو نەوە لە کوڕی
ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری کوردیماندا سەریان هەڵداوە و پێگەیشتوون،
کە هەریەکەیان بەروەردەی بارودۆخی پلەی خۆیەتی و لە بەر
ئەم هێنانیشدا ئاوێنەی ئەو پلەیە بوە . لە بەر ئەوە
ئێمەش ئامادەمان لەم پرۆژەیە کە بۆ کوڕی دەستنیشان دەکەین، ئەوە
دەبێ کە کوڕ وەک دەزگایەکی بەکار و کارامە لە کوڕی ئەدەبیات و
ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەو دەسپێشکەرییە بکا کە بەپێی نەخشەیەکی
ئامادەکراو، زنجیرە کتێبێک لە شێوەی هەڵبژاردە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا
لە سەر گشت لایەنەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری کوردیمان
لەو دوو پلەیەدا لە چاپ بدا و بڵاویان بکاتەوە . واتە کوڕ خۆی کۆشش و
هەڵپە بۆ ئەم مەسەلەیە بکات و بەوەی کەسانی شارەزا و
لێهاتووی بۆ هان بدا و بۆ بەجێ هێنانی بیانخاتە کار، نەک تەنها
چاوەڕوانی ئەوە بێ ئەدیبان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان
خۆبەخۆی خۆیان ئەم هەوڵە بدەن و ئینجا ئەوسا کوڕ
دەستیان بگرێ و یاریدەیان بدا .
دیارە ئەنجومەنی کوڕ، بۆ بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە و پەیداکردنی
کەسانی شارەزا و لێهاتوو، دەتوانێ پشت بە لیژنەی ئەدەب
بە تایبەتی و لیژنەکانی تری کوڕ بە گشتی ببەستێ .
حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە ئەگەرچی بەجێ هێنانی
ناوەڕۆکی نەخشەکە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام باوەڕم وایە کە
بەدیهێنانی لە تواناداهەیە .
نەخشەی پرۆژەکە

یەکەم : لە شیعردا :
بریتی دەبێ لە کتێبێک بە ناوی (هەڵبژاردە لە شیعری
هاوچاخی کوردی)، کە لە دوو بەش پێکدێ .

٨- حەسیب قەرەداغی
٩- ئەحمەد دڵزار
١٠- جەمال شارباژێری
١١- شێرکۆ بێکەس
١٢- عەبدوڵڵا پەشێو
١٣- لەتیف هەڵمەت
١٤- ئەنوەر قادر جاف
١٥- سەلام محەمەد

**تێبینی:**

١- بۆ دانانی ناوەکان ئەوە تەنیا ڕای منە. دەتوانرێ ئاڵوگۆڕیان تێدا بکرێ.

٢- (گۆران)م لەگەڵ دانەنان، چونکە هەم وا دانانرێ کە لەو ماوەیەدا سەری هەڵدابێ و هەم خۆی بۆ خۆی مامۆستایەکە و ئەوەکانی نەوەی پەنجاکان بە قوتابی ئەو دادەنێن.

**بەشی دووەم:** هەڵبژاردە لە شیعری هاوچاخی کوردی بە شێوەی کرمانجی ژووروو.

بریتی دەبێ لە هەڵبژاردە لە شیعری بڵاوکراوەی دیارترین شاعیرانمان، کە لەو چارەکە سەدەیەدا سەریان هەڵداوە و بەو شێوەیەیان وتووە. ئەوجا ئەو نموونانەش دەکرێنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەک لەو بابەتەی بۆ ئەوەکانی بەشی یەکەم دەکرێ.

**شاعیرەکان**

١- قەدری جاف
٢- جگەر خوین
٣- مەمدوح بریفکانی
٤- ئەحمەد موخڵس
٥- ئەنوەر مائی
٧- ساڵح یووسفی
٨- سەبری بۆتانی
٩- عەبدولڕەحمان مزووری
١٠- بەدرخان سندی
١١- صالح عەلی گولی
١٢- خەلیل دهۆکی
١٣- فەیسەڵ مستەفا
١٤- موئەیەد تەیب

**دووەم: لە چیرۆکدا**

بریتی دەبێ لە کتێبێک بەناوی (هەڵبژاردە لە چیرۆکی هاوچاخی کوردی) کە لەسەر دوو بابەتی چیرۆک دەبێ.

١- **چیرۆکی کورت:** بریتی دەبێ لە دوو نموونەی هەڵبژاردە لە بەرهەمی بڵاوکراوەی هەریەکێ لە دیارترین پازدە چیرۆکنووسمان لەو چارەکە سەدەیەدا، ئەوجا نموونەکانیش دەکرێنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەک، وەک ئەوەی بۆ شیعر دەکرێ.

**پازدە چیرۆکنووسەکەش بەڕای من ئەمانەن:**

١- محەرەم محەمەدئەمین
٢- محەمەد مەولوود (مەم)
٣- جەمال بابان
٤- مستەفا ساڵح کەریم
٥- کاوس قەفتان
٦- حەسەن قزڵجی
٧- ئەحمەد مەحموود
٨- عەبدوڵڵا میدیا
٩- حسێن عارف
١٠- لەتیف حامید (بەرزنجی)
١١- کاکەمەم بۆتانی
١٢- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٣- ڕەئووف بێگەرد
١٤- ڕەئووف حەسەن
١٥- محەمەد ڕەشید فەتاح

٢- **چیرۆکی درێژ و ڕۆمان:** بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوەیەک لە بەرهەمەکانی:

١- جەمال بابان- خانزاد/ پەڵەهەورێکی چڵکن.
٢- محەمەد صالح سەعید- کاروانی/ شمشاڵی شوان/ ئاشتی کوردستان
٣- جەمال نەبەز- لالۆ کەریم
٤- محەڕەم محەمەدئەمین- مام هۆمەر/ ڕێگای ئازادی
٥- مستەفا ساڵح کەریم- زڕەی زنجیر
٦- مستەفا قەرەداغی- ئاوات
٧- ڕەحیمی قازی- پێشمەرگە
٨- ئیبراهیم ئەحمەد- ژانی گەل
٩- سۆران مەحوی- ئەنجامی تەماعکاری
١٠- عەبدوڵڵا ئاگرین- کولەمەرگی
١١- سەلام مەنمی- گلێنەی کوریچەدراو

**سێیەم:**

**هەڵبژاردە لە بەرهەمی ئەدەبی کوردەکانی سۆڤیەت:**

بریتی دەبێ لە هەندێ نموونەی هەڵبژاردە لە شیعر و چیرۆکی شاعیر و چیرۆکنووسە کوردەکانی سۆڤیەت، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەیان و دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی سۆڤیەت بە گشتی.

**ناوەکان بە بە نموونە:**

١- عەرەبی شامیلۆف
٢- جاسمێ جەلیل
٣- حاجی جندی
٤- کارلینی چەچانی
٥- قاچاغی مراد
٦- شکۆیێ حەسەن

**چوارەم: لە ئەدەبی شانۆگەریدا**

بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەدەبی شانۆگەریی کوردی، کە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانەی بۆ دەکرێتە کەرەستە:

١- ا. ب. هەوری
٢- ڕەفیق چالاک
٣- ئەمین میرزا کەریم
٤- حەمەکەریم هەورامی
٥- تەها بابان
٦- کەمال ڕەئووف (محەمەد)
٧- حاجی مەکی
٨- عەلی توانا
٩- محەمەد سدیق مەحموود
١٠- سمکۆ ناکام
١١- مەهدی ئومێد
١٢- محەمەد مەولوود
١٢- شێرکۆ بێکەس

**تێبینی:**

لێکۆڵینەوەکە تەنیا بە باری ئەدەبیدا باس لە شانۆگەرییەکان دەکا.

**پێنجەم: لە هونەرە جوانەکاندا**

بریتی دەبێ لە سێ بەش لە کتێبێکدا، باسی کتێبی جیاواز.

**یەکەمیان:** دەربارەی هونەری تەمسیلکردن کە بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی هەموو هونەرەکانی سەر شانۆ(وە) لە تەمسیل و دەرهێنان و دیکۆر و ڕووناکی و ماکیاج...تاد، کە دەبێ ئەو شانۆگەرییانەی بۆ بکرێتە کەرەستە کە لە چارەکە سەدەی پێشوودا لە کوردستاندا، یان لەلایەن تیپە هونەرییە کوردییەکانەوە لە وڵاتدا نوێنراون، لەگەڵ باسکردنی ئەو هونەرمەندانەدا کە لەو ماوەیەدا لەم کۆڕەدا دەوری باڵایان گێڕاوە، وەک:

١- ڕەفیق چالاک (تەمسیل و ئیخراج)
٢- ڕەئووف یەحیا (تەمسیل)
٣- نووری وەشتی (تەمسیل)
٤- کامەران موکری (تەمسیل و ئیخراج)
٥- ئەمین میرزا کەریم (ئیخراج)
٦- ئەنوەر تۆفی (ئیخراج و ماکیاج و ئینارە)

٧- خالید سەعید (دیکۆر)
٨- عومەر عەلی ئەمین (تەمسیل و ئیخراج)
٩- ئەحمەد سالار (تەمسیل و ئیخراج)
١٠- بەدیعە دارتاش (ئیخراج و تەمسیل)
١١- تەها خەلیل (تەمسیل)
١٢- عومەر چاوشین (تەمسیل)
١٣- سەباح عەبدولڕەحمان (تەمسیل و ئیخراج)
١٤- تەڵعەت سامان (ئیخراج)
١٥- سەعدوون یوونس (ئیخراج و تەمسیل)
١٦- غازی بامەڕنی (ئیخراج)

**دووەمیان:** دەربارەی هونەری وێنەکێشان: کە بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم هونەرەوە، بەدەم باسکردنی بەرهەم و کۆششی ئەم هونەرمەندانەمانەوە لەم کۆڕەدا:

١- حەسەن فەلاح
٢- جەمال بەختیار
٣- خالید سەعید
٤- عەزیز سەلیم
٥- محەمەد عارف
٦- عەلی جوڵا
٧- ئیسماعیل خەیات
٨- نووری ئیسماعیل
٩- عوسمان خاڵ
١٠- عەتا قەزاز
١١- سمکۆ تۆفیق
١٢- مستەفا عەقراوی

**سێیەمیان:** دەربارەی هونەری گۆرانی و مۆسیقا: هەروەها بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەم دوو هونەرە، لەگەڵ باسکردنی ناودارترین گۆرانیبێژ و مۆسیقازانمان لەو ساڵانەدا.

**شەشەم**

**لە پەخشانی کوردیدا:** بریتی دەبێ لە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەم بەشانەی پەخشان:

١- وتار: بەم شێوەیە باس دەکرێ؛

آ- گەڕانەوەیەکی مێژوویی- سەرەتای پەیدابوونی وتار بە نووسین- پێوەندی نێوان وتار و ڕۆژنامەگەری.

ب- تەشەنەسەندنی وتار و بە پەل هاویشتنی پەخش و نماکردن و زۆربوونی چاپەمەنی، بە تایبەتی ڕۆژنامەگەری لە چارەکە سەدەی ڕابوردوودا.

ج- جۆرەکانی وتار: وتاری ئەدەبی- وتاری کۆمەڵایەتی- وتاری سیاسی- وتاری زانستی (لەگەڵ ئیشارەتداندا بە نموونە بۆ هەریەکەیان).

٢- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە: بەم شێوەیە باس دەکرێ:

آ- گەڕانەوەیەکی مێژوویی- سەرەتای پەیدابوونی بە نووسین لە ئەدەبەکەماندا- پێوەندی نێوان ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و ڕۆژنامەگەریی.

ب- تەشەنەسەندنی لە چارەکە سەدەی ڕابوردوودا.

ج- مەیدانەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە- لە ئەدەبدا - لە باس و خوازی کۆمەڵایەتیدا- لە سیاسەتدا- لە فیکر و فەلسەفە و زانستدا (لەگەڵ ئیشارەتداندا بە نموونە بۆ هەریەکەیان).

٣- هەواڵی ژیانی ڕۆژانە و ڕیپۆرتاج: وەک هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و .. تاد، ئەوجا گفتوگۆ لەگەڵ کەساندا و باسکردنی داوودەزگاکانی لە کۆمەڵدا لە شێوەی ڕیپۆرتاج. بێگومان ئەم بەندە پتر پێوەندیی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە.

**دوا تێبینی:**

دیارە دەتوانرێ دوای ئەم بەرنامەیەش، زنجیرەکە هەر درێژەی پێ بدرێ و هەموو لایەنەکانی تری ڕۆشنبیریی کوردیمان بگرێتەوە.